www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:57 15-2-2006

# ڕێپێوانی ئیمڕۆی هەولێر مەترسی هەیە بۆ داهاتوی کوردستان؟... ڕێبین سەباح

ئەوەی دیمان لەو ڕێپێوانەی ئیمڕۆ کە لە هەولێر کرا لە دژی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکەی پێخەمبەر د. خ لەسەربی لە ڕۆژنامە دانیمارکیەکان و نەرویجیەکان من لێرەدا نامەوی بە تەواوی بچمە ناوەڕۆکی ئەم کێشەیە بەڵام ئەو پرسەی لای من گرنگە ئەمەوی باسی بکەم ڕێپێوانەکانی ئەم دواییەی کوردستان بوو کە لە هەولێرو سلێمانی ئەنجام درا کە هەندی لە مەلاو حزبە ئیسلامیەکان هەڵسان بە ئەنجام دانی هەردوو ئیدارەکەش لەبەر ئەوەی ئەو ڕێپێوانانە لە دژی گەندەڵی و کارە چەپەڵەکانی ئەوان نیە زۆر بە ئاسانی ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی لەسەر ئەنجام دانی ئەو ڕێپێوانانە بی ئەوەی گوی بدەن کی هەڵئەستی بە ئەنجام دانی ئەو ڕێپێوانانە یاخود بۆ چ ئامانجی ئەو حزبە ئیسلامیانە ڕێپێوان ئەکەن یاخود ئەو کارەیان نابێتە هۆی زیاتر خۆ دەرخستنیان لە کوردستان و لەو بارودۆخە ناخۆشەی کوردستان هەیەتی بۆ ئەوەی وا نیشانی هاوڵاتی کوردی بدەن لەم دەڤەرە کە ئەوان بەدیلی ئەو دوو ئیدارە گەندەڵەن لەوانەیە یەکێکی وەك ئامانجی عەبدوڵا سور ڕەخنەم لی بگرێت خۆی لێم بکاتە شارەزاو چاوساغ وەك چۆن خۆی لە بوارێك دەکاتە مامۆستا و پسپۆڕ پێم بڵی کاکە ئیدارەکان یەکیان گرتۆتەوە ئەوە تۆ چی ئەڵیَت بەخوا ئەوسا یەك پێکەنینی دوورو درێژی بۆ ئەکەم بەم و وە بە هاوشێوەکانی کاك ئامانج دەڵێم دەك بەخێر بێنەوە فەقیرینەچیە ئاگاتان لە باردۆخەکە نیە یاخود ناوەڕۆکی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی هەردوو حزبەکەت نەخوێندۆتەوە یاخود دەتانەوی وەك حزبەکانتان خەڵکی کوردستان لە خشتە ببەن جا با بگەڕێنەوە سەر ڕێپێوانەکەی ئیمڕۆی هەولێر کە کە چەند حزبێکی ئیسلامی ڕێکیان خستبوو خوا عالیمە ئەگەر دەسەڵات بکەوێتە دەستیانەوە ئەوا دەبی پیاوانمان ڕیشێکی درێژی وەك ئەبو حەمزەی میسری بەردەینەوە وە شەروالێکی کورت لەبەر بکەین و وە ئافرەتەکانمان وەك ئافرەتە قوڕبەسەرانەی کە زۆر جار لە هەولێر دەیان بینم کە وەك ئافرەتەکانی قاعدە و ڕێکخراوەکانی تری ئیسلامی پۆشاك لەبەر ئەکەن وەك ئەوانیان لی دێت ئەوجا با بهێنینە پێش چاوی خۆمان بەو هاوینە گەرمە کە مرۆڤ بە قەمیسێك تەحەمبولی ئەو گەرمایە ناکا ئەوجا ئەوانیش سەرتاپا لەشی خۆیان داپۆشن ئەوجا من لێرەوە پێشنیارێك دەخەمە بەردەم ئەو ئافرەتە توندڕەوانەی کە ئێستا ئەو جۆرە پۆشاکە لەبەر ئەکەن ئەوەیە کە لەبن عەباکانیان پانکەیەکی بچوکی هەوایی دابنێن تاکوو هەندی لەشیان فێنك بێتەوە ئەوەی ئێستا ئێمە هەستی پی بکەین خۆ ئەو خەڵکەی ئێستا چونەتە ڕێپێوانەکان هەمویان ئیسلامی نین بەڵام ئەو قەبارە زۆرەی بەشداربوانی ڕێپێوانێك کە ئیسلامیەکانی کوردستان خۆیان بە خاوەنیان دەزانن تەکانێك دەداتە حەماسەتی ئیش کردنە توندڕەوەکەی ئەوان و بە ناوی ئیسلام و پەیڕەو کردنی شەریعەتەوە خەڵکەکە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن وە بێزاری خەلکی کوردستانیش لە دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە هۆکارێکی ترە بۆ سەرکەوتنی ئەوان وە خۆ ئەگەر بتوانن مەریوان هەڵبجەیی سزا بدەن ئەوا زۆر بە ئاسانی لە داهاتوو زۆر شتی بە دڵی خۆیان بۆ دەچێتە سەر وە ئەوساش کەس ناتوانی لە یاساکانی ئەوان لابدات پێیان بڵێت لە پیشت چاوتان برۆ هەیە وە ئەوانیش دەبنە حاکمی ئەو کوردستانە و وە کوردستانیش بە پەیڕەوی ئوسامەو مەلا عومەرو ئەبوقەتادەو زەواهیری و زەرقاوی هتد بەڕێوە دەچێت ئەها ئەوەشم بەیاد هاتەوە کە کەس کە ئیمڕۆ ڕۆژی ڤالانتاینە وێرای

پیرۆزبایم لۆ گشت دڵدارەکانی کوردستان ئەو چەژنە ڤالانتاین کە شێوەیەکی ساردو سڕی پێوە دیارە ئەویش نامێنی ئەوسا فیلم دەوی باسی ڤالانتاین بکات بڵی سلاوو لە قەشە ڤالانتاین یاخود گولێکی سور بداتە خۆشەویستەکەی دەمەوی زیاد لەوە سەرتان نەیەشێنم و وە با هەندی برادەر لێم پەست نەبن و کۆتایی بە باسەکەم دێنم دەلێم چۆنە ئەگەر جەماعەتی هاوشێوەی ئەبوو حەمزەی میسری هاتنە سەر دەسەڵات لە کوردستان گۆڕێکی بە کۆمەڵ لی بدەین و خۆمان بکوژین ئەگەر نا ئەوان بە یاساو پەیڕەوەکانی خۆیان دەمانکوژن

٢٠٠٦/٢/١٤